

# فڕین لەگەڵ باڵندەکانی دەم بادا

**محەمەد حسێن . کەلار**

ڕۆمان هەرگیز ڕۆڵی گرنگی خۆی لە دەست نادات لەناو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تردا، بە پێچەوانەی ئەو دەنگانەی کە دەیانویست مەرگی ڕۆمان ڕابگەیەنن، چونکە ئەو سیحر و هونەرسازییەی لەناو ڕۆماندا بواری هەیە، لە ژانرەکانی تری ئەدەبدا کەم وێنەیە، ئەوە تەنها ڕۆمانە توانای شێوە ڕیزکردنی ئاڵۆزییەکانی ژیانی هەیەو کار لەسەر ئەو شتانە دەکات هەمیشە هونەر دۆزینەوە و داهێنانی تازەی تیاکردوون. گەر ڕۆمانی کوردی کە تا ئەمڕۆش بە دەرنەچوونی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆی ناودێر دەکرێت، ئەوا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە دەقی جوان و سەرکەوتوومان هەیە و دەکرێت بە سیحری داهێنان و جوانی و چێژی وابکات لە خوێنەر ناچاری خوێندنەوەو لە سەر وەستانی بێت. ڕۆمانی «باڵندەکانی



دەم با»ی عەتا نەهایی یەکێکە لەو دەقانەی کە خوێندنەوە و تەفسیری جیا جیا هێندەی تر ئاسۆکانی مانا و دەلالەتەکانی فراوانتر دەکات، ئەم رۆمانە قسە لە چیرۆکی پیاوێکی گەڕاوەی تاراوگە دەکات، کە دوای ساڵانێکی غەریبی هاتووەتەوە چیرۆکێکی تراژیدیی عەشقێکی ناکام بنووسێت، کە تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ژیانی خۆیەتی، لە رووی ئەو شکستە رۆحی و دەروونییانەوە، ئەو نائومێدی و رەشبینی و پەراوێزکەوتوییەوە، کە دەکرێت سیمای دیاری چارەنووسی نەوەیەک بێت. چیرۆکی ئەم چیرۆکنووسەش لە زاری گێڕەرەوەیەکی نادیارەوە دەبیستین، کە بەشداری لە گێڕانەوەی چیرۆکی زۆربەی کارەکتەرەکانی تریش دەکات. سەرەتا دەمانباتە ناو دنیای پیاوێکەوە هاتووەتەوە چیرۆکێک بنووسێت، چیرۆکی عەشقێکی ناکام، عەشقی (فەرهاد و کاڵێ). ئەم پیاوە ژیان وادەبینێ هەر چیرۆکە عەبەسەکەی خۆیەتی و بەس، پرۆژەی تەواوکردنی چیرۆکێکی تراژیدییەو هیچی تر. چیرۆکەکەیشی چیرۆکێکە هەموو عەشقەکانی بە تراژیدیا کۆتایی هاتووە و هەموو شۆڕشگێڕەکانیشی پەنجەی پەشیمانیی دوای شکستیان دەگەزن. دواجار دوای تێپەڕینی تەمەنێک لە چایخانەکەدا (کۆرش) کە یەکێکە لە هاوڕێ کۆنەکانی پاڵەوان پێی دەڵێت (لێرە تەنها مرۆڤەکان دەگۆڕێن) هەڵبەتە دوای ئەوەی ئەو وتی (جگە لە چایچی و مشتەرییەکان، ئەم چایخانەیە هیچی نەگۆڕاوە) ل١٧٠. پاڵەوان بەم زمانەی نایەوێت بەس باسی ئەو هەوڵانە بکات کە تێکشکان بۆ گۆڕینی دنیا پڕ نائومێدییەکەی خۆی، بەڵکو لە هەمانکاتدا باسی شکستی خەون و خولیای نەوەیەکمان بۆ ئەکات، نەوەیەک کە شۆڕشی گەلانی ئێرانیان کرد و دواجار شۆڕشیان لێ زەوت کرا، نەوەیەک کە هەموویان بە دەردی (ئەو)ی پاڵەوان و فەرهاد و کۆرش بران.

دنیای ناو ئەم دەقە دنیای ئەو دیاردانەیە کە خوێنەر هەر سەرەداوێکیان لێ بدۆزێتەوە ئیتر خۆیان خۆیان ئەدوێنن، هەست ناکەیت شتێک هەبێت لەم دەقەدا وەزیفەیەکی دەلالی نەبێت لە بەرهەمهێنانی کۆی ماناو فەزای چیرۆکەکەدا، نە دێڕێک نە پەرەگرافێک نە هەڵسوکەوتی هەرکام لە کارەکتەرەکان، حەسارە رووخاوەکە، حەوزە بێ ئاوەکە، چایخانە نەگۆڕاوەکە، توندوتیژیی قاپیەوانەکانی ئەو زیندانەی فەرهادی تیا بەندکرا و...هتد، هەموو رەگەزەکانی تریش هەریەکەیان بارگاوییە بە دەلالەتێک کە بەشداری ئەکات لە بنیادی ماناو فەزای گشتیی دەقەکەدا، هەموو ئەم رەگەزانەش بە کۆ تەعبیر لە دنیایەک دەکەن کە هەرگیز پیربوونی نییە و نامرێت، رێگە نادات رەگی ژیانێکی نوێ تیایدا چەکەرە بکات. ئەو خەمە مرۆییانەی کە ئێمە لێرەدا لەگەڵی دەرگیرین، جگە لە زمان و سەلیقەی هونەرمەند، لە نەفەسی ورد و تیژی ڕۆماننووس ئەستەمە هیچ بوارێکی تر و هیچ کایەیەکی تری ئەدەبی و زانستی بتوانێت وێنای ئەو دۆخە سوتێنەرانە بکات، کە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دەقەی گیرۆدە کردووە. گەر ئەم زمانە بەرزە هونەرییە نەبوایە دەبێت چ دەروونزانێک بتوانێت ئەو هەست بە گوناهکردنەی پاڵەوانمان نیشاندات کە دوای بیستنی چیرۆکە تراژیدییەکەی ئەفسانە لە زاری (جەلالیەوە) بەو شەوە دەشتی دا لەبەر؟ل١٩٢

تەکنیک لەم ڕۆمانەدا لە ئاستێکی باڵادایە، دەنگێکی چیرۆکبێژمان هەیە کە وردودرشتی زۆربەی رووداوەکانمان پێدەڵێت و وەک سێبەرێکی

# لەم دەقەدا
# پاڵەوان دوای کۆمەڵێك سەرگوزشتەی پڕ شکست و نائومێدیی ژیانی خۆی کەوتووە

مەئلووف بە دیار هەموو شوێنکاتەکانەوە وەستاوە. لێناگەڕێت لە زمانی کارەکتەرەکانەوە تێبگەین، بە پەلەوبە خێراییەکی چاوەڕواننەکراوەوە زانیارییەکانی خۆیمان ئەداتێ لەسەر ئەو رووداوانەی کە دەبوایە سەرسوڕمانی لە ناکاتی لا دروست بکرداینایە. ئەم دەنگە بە هەژموونە چەندە یارمەتیمان ئەدات لە تێگەیشتن لە بونیادە شاراوەکانی دەقەکە و لەو تەلیسمانەی زنجیرەی رووداوەکانی پێکەوە گرێداوە، هێندەش چێژی راچەنینمان لێ وەردەگرێتەوە، کە دەبوایە لە بڕێکی زۆری رووداوەکانی بماندیایە. هێندە زوو وردەکارییەکان ئەدات بە دەستەوە خوێنەر بێبەش دەکات لەوەی هاوشانی کارەکتەرەکان و بە دڵەڕاوکێ و بێزاری و بارە دەروونییە تایبەتییەکانیانەوە ماناو رووداوەکانی دروست بکردایە. دیارە چنینی تانوپۆی دەقەکە بەو ئاستە بەرزە هونەرییەوە بەسە بۆ ئەوەی بە هێزی راکێشانی چێژو وێنەسازییە بەرزەکەیەوە خوێنەر ناچاری تەفسیرو لێکدانەوەی مانای ئەو دیوی دێڕەکانی بکات، چونکە ئەم دەقە بە مانا (بارت)یەکەی دەقێکی ئازادە لە هەژمون و سێبەری نووسەر، لەو جۆرە دەقانەیە کە نووسەر دواقسەی تیا نەکردووە، دوا مانای تیا دیاری نەکردووە، دەکرێت هێندەی خوێندنەوە جیاجیاکان و تەفسیرە جیاوازەکان مانای جیاوازمان پێببەخشێت. دواجار ئەم دەنگە بێژەرە بە هەژموونە روونتر خۆی دەرئەخات کاتێک دەڵێت: «گوتی: بەڵام من چیرۆکەکەم تەواو دەکەم...چیرۆکی میهرەبان... چیرۆکی پیاوێکی چیرۆکنووس کە دوای ساڵانێکی غوربەت و دوری گەڕاوەتەوە دواهەمین چیرۆکەکەی بنووسێت)ل٢٠٩. وێنەسازیش ڕوویەکی تری جوانە لەم دەقەدا. هەندێک دیمەنی جوان دەبینین لە کاری شێوەکارێکی سوریالیست دەچێت وەک: «دەربیجەیەکی بچووک دەرئەکەوێت... دەنەوێتەوە کالێ، لە نەوتی ناو پوتەکە رادەمێنێت، لە جەغزی دەربیجەکەوە خۆی لە ناو نەوتەکەدا دەبینێت، رووخساری خۆی لە رەشایی ئاویلکەی نەوتەکەدا، پوتەکە بەرزدەکاتەوە»ل٢١٧.

چەند وێستگەیەکی گرنگ چەند بونیادێکی فکری هەیە لەم دەقەدا دەیخوازین بۆ ئەوەی بیکەینە کڵاو ڕۆژنەیەک و لێیەوە لە دنیا گرفتئامێزو پڕئاڵۆزییەکەی دەقەکە بڕوانین .

**چیرۆکی ژیان و ژیانی ناو چیرۆک:** ئەم دەقە لە تێکەڵکردنێکی هونەرمەندانەی چیرۆکی ژیانی چیرۆکنووسێک و چیرۆکێک کە نووسینی تەواونەبووە دەست بە فراوانبوونەوەی خۆی دەکات. لەناو ژیاندا بۆ چیرۆک ئەگەڕێت و لە ناو چیرۆکیشدا بۆ ژیانی عاشقێکی قوربانیی ستەمی سیاسیی دەوڵەت. لە رێگەی عەشقە ناکامەکانەوە قسە لە درێژکردنەوەی ژیانێک دەکات کە رەنگە هەرگیز شایستەی ئەوە نەبێت هیوای هیچ کام لە کارەکتەرەکانمان بێنێتە دی، هەر بۆیە لە رێگەی بیرکردنەوە لە رابردووش هەست بە گوناهکردنەکانی (ئەو، ئاغای مێهرەبان) مان پێنیشان ئەدات، وەک ئەوەی بیەوێت پێمان بڵێت رابردووشتان شتێکی باشتر نییە لەوەی کە سەرەتایەک بێت بۆ ئەم ڕۆژە تاڵە. ئێمە لەگەڵ ئەم دەقەدا دەکەوینە ناو دنیای کۆمەڵێک خەڵکەوە کە ئەوان دەیانەوێت رابردووی خۆیانیان بیربچێتەوەو چیرۆکیش وردەکارییەکانی ئەو رابردووە بێزراوەمان دەخاتەوە پێش چاو. لەم دەقەدا پاڵەوان دوای کۆمەڵێک سەرگوزشتەی پڕ شکست و نائومێدی




ئەم دەقە لە تێکەڵکردنێکی هونەرمەندانەی چیرۆکی ژیانی چیرۆکنووسێک و چیرۆکێک کە نووسینی تەواونەبووە دەست بە فراوانبوونەوەی خۆی دەکات. لەناو ژیاندا بۆ چیرۆک ئەگەڕێت و لە ناو چیرۆکیشدا بۆ ژیانی عاشقێکی قوربانیی ستەمی سیاسیی دەوڵەت



ژیانی خۆی کەوتووە، کە تا دوایان بکەوێت ناخۆشیی زیاتر نیشان ئەدەن. تا ناخۆشییەکانیش زیاترو ناخۆشتر دەبن فزولّییەت و چێژی گەڕان بەدوایاندا زیاتر و زیاتر دەبێت. ڕەنگە ئەم جۆرە گەڕانە چارەنووسی هەر گەڕانێک بێت کە بەدوای هەر چرکەساتێکی مێژووی پڕئازارو شکستی کورددا بگەڕێت. لێرەدا ژیان بۆخۆی دەبێتە کارگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی چیرۆکی تراژیدی، ئەم دۆخە تەنانەت «ناسری»شی لێ‌دەرباز نەبوو، کە بێ‌دەربەستانە ژیانی پڕخۆشنوودی خۆی ئەگوزەراند، تەنانەت ئەو دەرهێنەرەش کە لە ئەڵمانیاوە دێتەوە بۆ مەبەستی فیلمسازی دەیەوێت چیرۆکێکی پاڵەوانی دەقەکە وەرگرێت بیکات بە فیلم، دیسان هەر چیرۆکێکی تراژیدی هەڵئەبژێرێت، چیرۆکی عەشقێکی دۆڕاو و ناکام، عەشقی (برایمۆکی سەرگەردان بۆپەریخانی بە کیمیاوی خنکاو) ئەم چیرۆکەش چارەنوسێکی باو و چاوەڕوانکراوی زۆربەی عەشقەکانی وڵاتی ئێمەیە.

**کەسایەتییە ناجێگیرەکان:** ئەم دەقە روبینایەکی جوانمان ئەداتێ لەتوێی هونەرکاری و ستاتیکای خۆیدا بۆ تێگەیشتن لە هەستە بەرزە مرۆییەکانی کارەکتەرەکان لە بەرگی بێوەفایی و خۆپەرستیی مرۆڤ خۆیدا، ئامێزانبوونی ئەم وێنە دژانە پێکەوە ئاماژەیەکی زیرەکانەیە بۆ ئەوبارە دەروونییە ئاڵۆزەی کارەکتەرەکانی تێکەوتووە یان نیشاندانی ئەو بارە دەروونییەی کۆمەڵگە دەیسەپێنێت بەسەر مرۆڤدا، مرۆڤیش ناچارە بۆ هەڵکردنی لەگەڵ دەوروبەری تەمسیلی کەسایەتییەکی دووفاقی (ئیزدواجی) بکات، چونکە لەژێر جەبرەکانی ڕۆتیناتی ژیانی ڕۆژانەدایە سایکۆلۆژیای دووفاقیەت دەبێتە وێنەی باوی دەروونی زۆر لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە.

ئەو هەستە جوانەی پاڵەوان لە پەشیمانی و هەست بە گوناهکردن لە بەرگی بێوەفاییەکی کەمتەرخەمدا کە ئەفسانەی جێهێشت و بە ساردییەکی جەرگبڕەوە پێی وت (هیوای بەختەوەریت بۆ ئەخوازم). یان هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی شاخ کە بەگوریس زەوییان دابەشئەکرد بەسەر جوتیاراندا وەک ئەوەی کۆرش بۆی گێڕاینەوە ئێستا بڕێک خاوەنکارو سەرمایەداریان لێدەرچووە کە تا ئێوارە کۆرش و هاودەردەکانی ئەڕەتینن بێئەوەی تێر زکی خۆیان و منداڵیان نانیان بدەنێ. ئەم دژەهەڵوێستانە بەسەلیقەو لێزانییەکی ئەدەبییەوە تەوزیفکراوە بۆ ڕەنگڕێژکردنی کارەکتەرەکان کە دواجار ئاوێنەیەکی ڕۆشنی ژیانی واقعی زۆربەمانە. ئەم دۆخە نیشانەی لاوازی و چڵێسیی مرۆڤە لەبەردەم شتە (موغری) ئارەزووبزوێنەکاندا، کە نەرجسییەتی وای لێدەکات هەمیشە وەرگەڕێت لەسەر ئەو بەهایانەی لەلای چەسپیون.

**گیرهاتن لە بازنەی نائومێدیدا:** ئەم ڕۆمانە نیشانمان ئەدات مرۆڤی ئێمە چەندە گیرهاتووە لەناو زڵم و چەوساندنەوە بونیادیەکانی ئەم وڵاتەدا، چۆن مرۆڤ هەمیشە باجی مانەوەی خۆی ئەدات، بۆئەوەی لە رووی فیزیکییەوە مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات دەبێت هەمیشە قبوڵی بێت کەرامەتی پێشێل بکرێت، بە هەرلایەکدا ئەڕوات سەری لەبەردی ستەمی داگیرکەران و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری پیاو سالاری و......هتد ئەدات. ئەوانەی لەم کەشەدا تەمەنێکیان تێپەڕاندووە پەشیمانن لە خۆیان و هەتا دێت ماناکانی بوون و کەرامەتیان کاڵتر دەبێتەوە. دەبینین پاڵەوان لێناگەڕێن هەڵبژاردنە شەخسییەکانی خۆی بکاتە شێوەی ژیانی خۆی.

# ئەم رۆمانە
# نیشانمان ئەدات مرۆڤی ئێمە چەندە گیرهاتووە
# لەناو زلم و چەوساندنەوە بونیادییەکانی ئەم وڵاتەدا

هەمیشە دەوروبەر تەداخول لەشتە زۆر ئاسایی و تایبەتییەکانی دەکەن، ئەوەتا لە زمانی براکەیەوە پێی دەوترێت (پیاوی عاقڵ بەتەنها لە خانوویەکی چۆڵدا دانانیشێ.... لە نازو نیعمەتی خۆرئاواوە ناگەرێتەوە بۆ ئێرە...... پیاوی عاقڵ) بەمجۆرە پێی دەوترێت لەچاوی ئەوانی ترەوە شێوە بەژیانی خۆی ببەخشێت. ژیان لەم تێکستەدا یەک تروسکە رووناکیی پێ نییە بۆ مرۆڤ، نە لە ئێستاداو نە لە ڕابردووش، نە لە ناو حەسارەکەی میرزاو نە لە خۆرئاواش، نە شۆڕشکردنەکەی فەرهادو ئاغای میهرەبان و نە تەسلیم بەواقعبوونەکەی هاورێکانی شاریش. لەم تابلۆ نەهلیستییەی ژیاندا هیچ رەگەزێکمان نییە کە ئومێد بەژیانێکی عاشقانە ببەخشێت. دیارە لەم سیاقەدا عەشق بە مانای درێژەدان بە ژیان دێت، تەنانەت مۆزەخانەکەش دوای ئەوەی لەگەڵ جەلالیدا دێن بۆ سەیری ئەو بڕوایان لا دروست ئەکات (مێژووی ئەم دنیایە مێژووی عەشقە بە مراد نەگەیشتووەکانە) ژیان لەناو ئەم دەقەدا هێندە هەڵقرچاو و تەسکە کە کارەکتەرەکانیشی ناتوانن فەنتازیای بەختەوەرییەکی ئاسایی بکەن نە ڕابردوو نە ئێستاشیان لەوە ناچێت رۆژگارێکی بەختیاریان تیا دیبێت، دیارە بۆ ژیانێکی وەها فەنتازیاکردنیش، بۆ ژیانێکی باشتر لە ئەمرۆ جۆرێک سانسۆری لەسەرە.

**تێکشکانی خەونەکانی نەوەیەک:** زەمەن بەگشتی لەناو ئەم تێکستەدا دابەش ئەبێت بۆ سێ قۆناغی جیاواز، جگە لە چەند دەرچوونێکی لاوەکی.

١ـ قۆناغی سەرەتای دەستپێکردنی رووداوەکان کە لە کاتی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران و چەند ساڵێک پێشتریش دەستی پێکرد.

٢ـ قۆناغی دووەم: زەمەنی نائامادەیی (ئەو پاڵەوان لێرە)، کە بە پچرپچڕی لە زمانی جەلالی و کۆرش و هەندێک جاریش رووناک دەگێڕدرێتەوە.

٣ـ قوناغی سێیەم ئێستایە کە ئەو هاتووەتەوە و دەیەوێت چیرۆکی فەرهادی نیوەگیان و کەنەفت بنووسێت، کە دوای ساڵانێکی زیندانیبوون لە پەراوێزێکی لەبیرکراودا گۆشەگیریی خۆی دەژی.

ئەم نەوەیە ئەوانەیان کە بوون بەقوربانیی خەیاڵێکی شۆڕشگێڕانەی مرۆیی جوان و ئەوانەشیان کە وازیان لەو خەیاڵە هێنا، دەرچوون لەوەی کە بتوانن خەونی ئێستایان ببینن، چونکە خەون بینین کەسێکی دەوێت هیوای هەبێت، هێشتا رێگە دورودرێژەکانی تاقی نەکردبێتەوە و لە دەرگا داخراوەکانی نەدابێت. ئەم نەوەیە ئەوکاتەش کە خەونی ئەدی زۆربەی شەڕەکانی لەو شەڕانەبوون کە وەک ئەزموونی دارستان لەپێناوی مانەوەدا دەکرێت. دیارە مانەوەی وجوودی و فیزیکی مەبەست بوو کە تەنها خەمی ئەم شەڕەش بەدەستهێنانی مانایەکە بۆ ئەم بوونە، وەک چۆن هەر بوونەوەرێکی تر دەیەوێت بیپارێزێت. ئەم نەوەیە گیرهاتبوون بەدەست ئەم شەڕە سەرەتاییەوە و هێندە خۆش خەیاڵیش بوون دەیانویست دنیاو سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە بگۆڕن، دیارە دنیاگۆڕینێکی موتوربەکراو لەم شەڕە سەرەتاییە بۆ مانەوە نائومێدی ئەنجامێکی حەتمیی دەبێت، چونکە هەر کە کەلێنی نێوان گەورەیی خەونەکان و بارودۆخەکە دەرکەوت ئیدی هیچ مانایەک بۆ هیوا نامێنێتەوە، ئەم نەوەیە کە وازیان لە خەونبینین هێنا ئیتر یەکێکیان پێویستە کە چیرۆکەکانیان بنووسێتەوە، چیرۆکی ئەو رۆژانەی هەموو ژیانی خۆیانیان لەپێناودا خستە




ئەم ڕۆمانە کە بە خەیاڵێکی دەوڵەمەندەوە فەزایەکی جوانی ژیانیمان نیشان ئەدات لەناو جیهانە کاغەزیەکەی ئەدەبدا، بڕێک وێنەمان ئەداتێ لەو باخە چڕەی ژیان کە دەقی سەرکەوتوو دەتوانێت کارامەترین وێنەسازی بێت



گرەوەوە، ئامادەبوون هەموو شتە بەرجەستەکانی خۆیانیان بۆ بکەن بە قوربانی. چێژی وننەبوون و بیرخستنەوەی ئەم ڕۆژانە وای کرد لە زۆربەیان خۆی بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، چونکە تەمەنێک لە شۆڕشگێڕی شکستی هێنا، هیچ شتێکی تر نامێنێتەوە وەک یادەوەری گێڕانەوەو نووسین نەمری بۆ مرۆڤ دابینبکات. ئەم نەوەیە وەک ئەوەی هەموو دەرگاکانی ژیانی بەڕوودا داخرابێت. هیچ کەسێکی تریش ناتوانێت ببێتە کەسێکی تازەی ناو چیرۆکەکەیان چونکە (لەیلا خانمی تلوعی) دەیویست کەسێکی تازەی ناو چیرۆکێکی تازەی پاڵەوان بێت، دەیوست ببێتە هاوڕازی ئەوتەمەنەی کە ماویەتی، بەڵام ئەو لێبڕاوانە وتی «من دەرفەتێکم بۆ نووسینی چیرۆکی تازە نەماوە»ل٢٠٦.

**لەودیو دیواری ماڵەوە:** ئەفسانەی کلۆڵ، ئەفسانەیەک عاشقەکەی جێی هێشتبێت و هیوای بەختەوەرییەکی دوور لە خۆی بۆ خواستبێ، دەبێتە نێچیری دڵپیسییەکەی ناسری و هەرچیش دەکۆشێت ناتوانێت متمانەی لادروست بکات. وەک ئەوەی جەلالی بۆی گێڕاینەوە. ئەمە نموونەیەکی سەختی ئەو ئەشکەنجانەیە ئافرەت لەناو ماڵی پیاوسالاریدا دەیبینێت. دڵپیسیی هاوسەر لەلای هاوسەرەکەی و هەستکردن بە (غیرە) لای پیاو و ژن دروست ئەبێت وەکو یەک، بەڵام ئەوە پیاوە کوتەکی سەرگەورەی خێزانی بەدەستەوەیەو ئەرکی پۆلیسی شەرەفپارێزی بۆ خۆی خستووەتە ئەولەویەتەوە. ئەوە تەنها پیاوە دەتوانێت ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی خراپ بەکاری بێنێت و ئەو دڵپیسییەی لای دروست بووە ببێتە هۆکارێک بۆ زیاتر سەرکوتکردنی ئافرەت. زۆرجاریش ئەم دڵپیسییە هیچ هۆکارێکی واقعی بۆ دروستبوونی نییە، هەروەکو لای ناسری و ئەفسانە دیمان (دڵپیسییەکەی ناسری تەواو پەرەی سەندبوو، نەک هەر لە (ئەو) کە لە دەرەوەی وڵات بوو، لە هەموو پیاوێک بەگومان بوو...، لە هەموو ئەو پیاوانەی لە شارێکی ١٠ـ١٥ ملیۆن کەسیدا ژیاون...، لە ڕێبواری سەرشەقامەکان ...، لەو دوکاندارانەی ئەفسانە شتی لێ کڕیبوون...، لە دراوسێکان)ل١٨٦. لە پاڵ ئەو هەموو گرفتە ناخۆشەی سیستەمی خێزانی ئێمە بۆ ئافرەتی دروست ئەکات، دڵپیسیش دەردێکی کوشندەیە. بەپچڕانی پردی متمانەی نێوان هاوسەرەکان هەموو ئەو خۆشی و ئارامییەی لەو پەیوەندییە خێزانییەدا هەبێت نامێنێت. سروشتی داخراوی خێزانیش وەهایە کە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دەبنە قوربانی پەیوەندییە گرفتئامێزەکانی بەبێدەنگی ئەڕۆن. ئەڕۆن بێ ئەوەی هەواڵی ڕۆژنامەیەک بن، چیرۆکی فیلمسازێک و مەلەفی گەرمی داداگایەک بن. بۆ هەر ڕۆیشتنێکیشیان سەدان چیرۆک دروست ئەکرێت بێ ئەوەی چیرۆکی راستەقینەی تیا بدۆزرێتەوە. وەک چۆن کەسێکمان دەستنەکەوت تەواو دڵنیا چیرۆکی ڕۆیشتنەکەی ئەفسانە بگێڕێتەوە.

ئەم ڕۆمانە کە بە خەیاڵێکی دەوڵەمەندەوە فەزایەکی جوانی ژیانیمان نیشان ئەدات لەناو جیهانە کاغەزیەکەی ئەدەبدا، بڕێک وێنەمان ئەداتێ لەو باخە چڕەی ژیان کە دەقی سەرکەوتوو دەتوانێت کارامەترین وێنە سازی بێت. بەڵگە نەویستیشە بۆ دەرخستن و درەوشانەوەی هەریەک لەو وێنانە، بۆ بینینی دەلالەتە شاراوەکانی پشتەوەی دیمەنەکان، دەبێت خوێندنەوەیەکی جدیمان هەبێت.